کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-11-2007 0:46بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پەشیمانم لەوەی بەشداری خۆپیشاندانەکەی کوردانی بەرلینم لە دژی لەشکرکێشی تورکیا کرد ... ڕزگار گوڵەباخ

تاکی مرۆڤ لە تاراوگەدا پەیوەندیداریێتی (انتما و ) ی بۆ خاک و نیشتمانی زیاد دەبێت، بە تایبەت ئەو کاتەی بزانێت کە خەتەرناکی داگیرکردن دێتە ئاراوە، لە ڕوانگەیەکی زۆر سادە و ساکارەوە، کە ئەویش هەست کردن بە بوونی ئەرکێکە لە سەری، لە بەرانبەر خاک، نیشیمان و نەتەوە. کوردەکانی بەرلینیش وەک کوردانی تری تاراوگە لە ڕۆژی 27. 10. 2007 دا خۆپیشاندانێکیان لە دژی لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان سازدا، بێگومان بە هاوکاری کوردانی باکوور، چونکە ئەگەر کوردەکانی باکوورمان لەگەڵ نەبوونایە، ئەوا ژمارەی پۆلیسە ئەڵمانەکەن دە یان قاتی کوردەکانی سەر بەهەرێم دەبون، چونکە جێی داخە کە کوردەکانی سەر بەهەرێم نەدەگەیشتنە 40 هاووڵاتی.

بەشیکی کوردەکانی تاراوگە ویستیان هاو دەردی و دڵسۆزی خۆیان بۆ هەرێمی کوردستان دەرببڕن و هاوکات بیکەنە پاڵپشتییەک بۆ هەرێمی کوردستان، هاوکات ڕای جیهانی تێبگەیەنن کە دەوڵەتی تورک پێشێلی بنەماکانی مافی مرۆڤ و دیموکراتی دەکات. تەواوی خەڵک لایان وابوو کە سەرکردایەتی کورد بە هەند ئەو هەڕەشەیەی وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ بەردەوام بوونی هەڕەشەکەدا و لەگەڵ پەنا بردنە بەر بەکارهێنای کارتی سیاسی لەلایەن سەرانی دەوڵەتی تورکەوە، دەرکەوت کە سەرکردایەتی کورد نەک هەر سیاسیانە مامەڵە ناکات، بەڵکە تەنانەی هەستە سادە کوردایەتییەکەش پەیڕەو ناکات، بەوەی کە بەفەرمی نەک هەر بارەگاکانی پارتی چارەسەر بەڵکە وەک هاتووە بارەگای هاوسۆزانیشیان دادەخرێن، وە ئەگەر ی دەست گیرکردنی سەرکردەو ئەندامانیشیان بە دوور نازانن. ئەو هەڵوێستەی سەرکردایەتی کورد هاو ئاهەنگە بۆ ئەو هەوڵەی سەرکردایتی پارتی کرێکاران کە سەربازە دیلەکانی ئازاد کرد. واتە سەرکرادیەتی کورد وەک سوپاسنامەیەک بۆ سەرکردایەتی پەکەکە، لە بەرانبەر ئەوەی دیلەکانی ئازاد کرد، بارەگاکانی داختسن. لەهەمووی سەیر و سەمەرەتر ئەوەیە، لە لێدوانەکاندا شەڕە لەسەر ئەوەی کێیە ئەوەندە دڵسۆزی تورک بوو، وە ڕۆڵی هەبوو لە فریودانی سەرکردایەتی پەکەکە، بۆ ئازادکردنی سەربازە دیلە تورکەکان؟. لێپرسراوانی ئەمریکاش زۆر بە ڕاشکاوانە سووپاسی حکومەتی ئیراق دەکەن، کە ڕۆڵی بینیوە لە ئازاد کردنی دیلەکاندا، ئەوە زەنگێکی ئاشکرایە، کە کورد مل کەچی نەبێت، چیتری بۆ نەمایەوە، کارەکایان پێکردن، وە لە دواییشدا هەر ناویشیان نەبردن، دیارە شەڕەکەشیان پێدەکەن و دوایی مایەپوچ دەردەچن.

پرسیار لێرەدا ئەمەیە، ئەگر سەرکردایەتی کورد نیازی ئەو چۆک دادانەی هەبوو، ئەوا دەبوایە هەر لە سەرەتاوە بانگەشەی بۆ بکردایە، تاوەکو خەڵکی لە نیازیان بگەیشتنایە، بۆیە من بە ش بە حاڵی خۆم زۆر پەشیمانم لەوەی کە بە شداری ئەو خۆپیشاندانەی کوردانی بەرلینم کرد، بەوەی کە سەرکردایەی کورد ئەوەندەی گوێی لە قسەی سەرانی دەوڵەتی تورک و دوژمنەکانی گرت، لەسەتا یەکی ئەوە، گوێ بۆ ڕای جەماوەر نەگرت. سەرکردایەتی کورد دەبوایە بیزانییایە کە جەماوەری کورد لەگەڵ ئەودایە وە پاڵپشتی دەکەن. جێی داخە لە شارێکی وەک قامیشلی 3 هاووڵاتی کورد شەهید دەبن بەوەی خۆ پیشاندان دەکەن لە دژی لەشکرکێشی دەوڵەتی تورک، کە چی لە شارێکی وەک شاری پارەپەیدا کردن و ڕیایی ببورن شاری هەڵەمات و قوربانیدا نەک هەر ڕێ لە خۆپیشاندان دەگیرێت بەڵکە قوتابخانەی تورکی دەکرێتەوە و بارەگا ی پارتی چارەسەر دادەخرێت، وە لە هەولێر نەک هەر بارەگای پارتی چارەسەر بەڵکە دەڵێن بارەگای پارتە هاوسۆزەکانیشیان دەبێت دابخرێن، هاوکات ئەگەری دەستگیرکرنی سەرکردەو ئەندامەکانیشیان لە ئارادایە. خۆپیشاندانمان بۆ ئەوە نەکرد تاوەکو ئاکام شەڕی کورد بە کورد بکرێت، خۆ پیشاندانمان بۆ ئەوە نەکردتاخوێنی سەربازی تورک نەڕژێت و خوێنی کورد بەکورد بڕژێنرێت، خۆپیشاندانمان بۆ ئەوە نەکرد، تاوەکو شەڕی تورک وگەریلا نەبێت، بەڵکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ببێتە شەڕی کوردو کورد. چونکە ڕەورەوەی ڕووداوەکان وا دەڕۆن کە شەڕەکە بە پێشمەرگە ی هەرێم بکرێت، بۆیە من پەشیمانم لەوەی کە بەشداری ئەو خۆپیشاندانەم کرد.

سەرکردایەتی کورد لە بری ئەوەی گوشار بخاتە سەر دەوڵەتی هێرشکەر کە چی گوشار دەخاتە سەر هێزی کوردی بەرگریکەر. سەرکردایەتی کورد بە درێژی هەموو ماوەی هەڕەشەکانی دەوڵەتی تورک ئێستاشی لەسەر بێت، تاکە یەک کارتی فشاری بەکار نەهێنا وە یەک تاوانی نەخستە پاڵ دەوڵتی تورک، لە کاتێکدا دەیان کارتی بە دەستەوەبوو. ئەوەتا مالکی سەرۆک وەزیرانی ئێراق دەڵێت (( ڕازی نابین لەخاکی ئێراقەوە هێرشی تیرۆریستی بکرێتە سەر دراوسێکان ))، کە چی هەر خودی ئە و مالیکییە ڕازییە کە هێرشی تیرۆسیتی لە لایەن دەوڵەتانی دراوسێوە بکرێتە سەر ئێراق، وە هیچی لە دژ ناکات، هاوکات حکومەتی بەغدا دەڵێت کە دەبێت سەرکردە کانی پارتی کرێکاران دەست گیر بکرێن و دادگایی بکرێن. حکومەتی ناوەند کاتێک کە هەرێی کوردستان دەکەوێتە بە ر هەڕەشە خۆیان بە خاوەنی نازانن و وە بە بەشێک لە ئێراقی نازانن، بەلام کاتێک کار دێتە سەر دەرهێنانی نەوت یان باسکردنی جیابوونەوە، ئەوا نەک هەر خۆیان بە خاوەنی دەزانن بە ڵکە بەشێکی دانەبڕاو لە نیشتمانی عەرەبیشی دەزانن.

سەرکردایەتی کوردی ئێراق ئەوەیان بیر چووەوە کە کاتی خۆی چۆن ناچار بوون خاکی کوردستان جێ بهێلن و لە ئێراندا چەندین ساڵ تا ڕاپەڕین دابنیشن، یان ئەو کاتەی کە عەلی کیمیاوی بستێک خاکی بە هێزی پێشمەرگە ڕەوا نەبینی تیایدا بمێننەوە و هەموویانی پەرتەوازەی ئێران کرد. سەرکرایەتی کورد دەبوایە هەستی بە و هەستی بێکەسییەی ئێستای پەکەکە لەو کاتەی خۆیەوە، کە لەئێران بوون بکردایە، کە کەس دڵسۆزیان نەبوو، وە لە ئوردوگانی ئێراندا بێدەسەلات دانیشتبون.

پارتی کرێکاران ئێستا بە ئاشکرا و بێ پێچ وپەنا پیلانێلی نێودەوڵەتییان لە دژ دەکرێت، بە سەرۆکایەتی ئەمریکا و بە داخەوە بە هاوکاری کوردی ئێراق. پێدەچیت ڕێرەوەکە وا بڕوات کە هێزی پێشمەرگەی هەرێم، پەلاماری سەربازی بنکەکانیان بدەن و وەک ساڵی 1991 شەڕێکی براکوژی لە دژیان بە ناوی حکومەتی هەرێمەوە بەرپا بکەن و دەیان ڕۆڵەی تر بکەنە قوربانی نیازەکانی سەرانی تورک، چونکە لوە باوەڕدا نیم کە سەرنای سیاسی دەوڵەتی تورک ڕازی ببن، کە گەریلاکانی پەکەکە بە شاخی قەندیلەوە بمێنەوە، بۆیە ئەو ئەگەرە و ئەگەری بۆمباران کردنیان بە ڕاکێت و فڕۆکەی ئەمریکی لە ئارادایە. پێم وایە بەشترین ڕێگە چارەی ئێستای گەریلاکان چۆڵکردنی قەندیلە و چوونە ناوشارەکانەوەیە وەک سیڤیلیست، تاوەکو نەبنە قوربانی ئەو پلانە ئاشکرا نێودەوڵەتییە...

دواجار هیوادارم کە سەر کردایەتی کورد نەچیتە ژێر باری ڕازی بوونی دروستکردنی پشتێنەی ئەمنی سوپای تورک لە خاکی هەرێمدا، کە یەکێکە لە نیازەکانی سەرانی تورک تاوەکو بەردەوام دەستیان لەناو هەرێمدا هەبێت. سەرکردایەتی کورد دەتوانێت یان داوابکات کە هێزی نەتەوە یەککرتووەکان دابنرێت، یان ئەگەر تورک نیازی پاراستنی سنوورەکانی خۆیەتی، ئەوا با پشتێنی ئەمنی لە خاکی خۆیدا دروست بکات و سنورەکانی خۆی بپارێزێت، نەک لە قوولایی خاکی هەرێمی کوردستاندا، کە بەنیازە تاقەلادزی درێژ ببێتەوە. داهاتوویەکی نزیک گوێبیستی ڕای سەرکرایەتی کورد دەبین.

بەرلین 4. 11. 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.